**خزمەتەکانی SMG**

**مەرجەکانی خزمەتگوزاری**

**بەرواریی کارپێکردن:** مارچی 2018

ئەم مەرجانەی خزمەتگوزاری لەگەڵ سیاسەتی نهێنیپاراستنی SMG (**"مەرجەکان"**) ئەو مەرج و شەرتانە ڕوون دەکەنەوە کە Service Management Group, LLC و ڕێکخراوە وابەستەکانی («**SMG**» یان «ئێمە») پشتی پێ دەبەستن بۆ دابینکردنی توانایی دەستگەیشتنی تۆ بە ماڵپەڕەکان، خزمەتەکان و ئەپلیکەیشنەکان، لەوانە ئەو ئەپە مۆبایلیانەی کە ئەم مەرجانە پەیوەستن پێیانەوە یان لە نێویاندا ئاماژە کراوە بەم مەرجانە (بەتێکڕا، «**خزمەتەکانی SMG**»).

بەرلە دەستگەیشتن بە خزمەتەکانی SMG و بەکارهێنانیان، بەوردی ئەم مەرجانە بخوێنەوە؛ ئەمانە ڕێکەوتنێکی یاسایین لەنێوان SMG و تۆدا.

بە بەکارهێنانی هەریەک لە خزمەتەکانی SMG، تۆ ئەم مەرجانە قەبوڵی دەکەیت و پشتڕاستی دەکەیەوە کە توانایی و شیاوەتیی یاساییت هەیە بۆ ئەم قەبوڵکردنە. ئەگەر لە لایەن خاوەنکارەکەت خزمەتەکانی SMG بە کار دەهێنیت، هەرکاتێک ئەم مەرجانە قەبوڵی بکەیت، وەکوو ڕێکەوتنێک لەنێوان خاوەنکاری تۆ و SMG هەژمار دەکرێت، و تۆ نوێنەرایەتیی ئەو دەکەیت و گەرەنتی دەکەیت کە ئەوەندە دەسەڵاتت هەیە کە خاوەنکارەکەت پابەند بکەیت بەم مەرجانەوە.

تێبینیی گرنگ: ئەم مەرجانە هەندێ بەند و بەڕگەی تێدایە کە ئاستی بەرپرسیارێتیی ئێمە بەرانبەر بە تۆ سنووردار دەکەن و تۆ ناچار دەکەن کە هەرچەشنە ناکۆکییەکت لەگەڵ ئێمە لەڕێگەی دادوەریی یەکلاکەرەوە و ناچارکەر لەسەر بنەمای تاکەکەسی چارەسەر بکەیت نەک وەکوو بەشێک لە پۆلێک یان هەنگاوێکی نوێنەرانە. بۆ زانیاریی زۆتر، لە خوارەوە، بەشی «متمانەی گرێبەست، خۆبواردن لە بەپرسیارەتیی گەرەنتیەکان و سنوورداربوونی بەرپرسیارێتیبەرپرسیارێتی» (بەشی 7) و «چارەسەرکردنی ناکۆکیی» (بەشی 9) بخوێنەوە.

**ئەگەر هەموو شەرتەکانی نێو مەرجەکانی خزمەتگوزاری و سیاسەتی نهێنیپارێزیی SMG قەبوڵی نەکەیت، ناتوانیت خزمەتەکانی SMG بە کار بهێنیت.**

**1. گۆڕانکاری لە مەرجەکان دا**

بەرواری جێبەجێکردنی ئەم مەرجانە لەلای سەرەوەی ئەم ماڵپەڕەدا نووسراوە. لەگەڵ زێدەکردنی توانایی و ئامرازی نوێ، ڕەنگە ئەم مەرجانەیش بگۆڕین. SMG هەرکاتێک بیهەوێت دەتوانێت لە ڕێگەی بەڕۆژکردنەوەی ئەم مەرجانە بیانگۆڕێت. تۆ پابەند دەبیت بە هەموو گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە؛ لەبەر ئەمە، پێویستە ناوبەناو سەردانی ئەم پەڕەیە بکەیت بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی ئەم مەرجانە بکەیت. ئەگەر دوای بڵاوکردنەوەی مەرجە گۆڕدراوەکان لەسەر ئەم ماڵپەڕە بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG، بە واتای ئەوە یە کە تۆ مەرجە هەموارکراوەکان قەبوڵی دەکەیت. مەرجە هەموارکراوەکان ئەولەویەتیان هەیە بە سەر هەموو وەشانێکی پێشووی ڕێکەوتننامەکان، ئاگادارییەکان یان بەیاننامەکان لەبارەی مەرجەکان، بەڵام، ئەم گۆڕانکارییانە ڕابردوو ناگرنەوە.

**2. مەرجە زیادییەکان**

هەندێ لەو خزمەتانەی کە لەلایەن یان لەڕێگەی خزمەتەکانی SMG ـەوە دابین دەکرێن، بۆ نموونە ئەپی مۆبایل، سویپستەیک، کێبڕکێ و خزمەتەکانی تر ڕەنگە هەندێ شەرت و مەرجی زیاتریان هەبێت کە لەگەڵ دابینکردنیان ڕادەگەیەندرێن («مەرجە زیادیەکان». بەرلە بەکارهێنانی ئەم خزمەتانە دەبێ «مەرجە زیادییەکان» قەبوڵی بکەیت. هەموو مەرجە زیادییەکان دەبێ لە پاڵی ئەم مەرجانەدا بەکاربهێندرێن. ئەگەر هەر بڕگەیەکی مەرجە زیادییەکان لەگەڵ بڕگەیەکی ئەم مەرجانە نەسازێت، مەرجە زیادیەکان ئەولەویەتیان هەیە بەسەر ئەو بڕگەی نێو ئەم مەرجانە کە ناکۆکە، و ئەم ئەولەویەتە تەنیا بۆ ئەو بەشە یە کە ناکۆکە.



72528550_2

**3. نهێنیپاراستن/ئاسایش**

بەرلە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG، بەوردی سیاسەتی نهێنیپاراستنی SMG بخوێنەوە بۆ ئەوەی زانیاری وەربگریت لەبارەی ئەو زانیارییە کەسییکەسییانەی کە SMG لە ڕێگەی خزمەتەکانی خۆیەوە کۆیان دەکاتەوە، و هەروەها بۆ ئەوەی بزانیت ئێمە چۆن ئەم زانیارییانە لێک دەدەینەوە، و ڕەنگە بیاندەین بە چ لایەنێک. لەم ناونیشانەدا دەتوانیت کۆپیەکی سیاسەتی نهێنیپاراستنی SMG بخوێنیتەوە:

**4. ناوەرۆکی SMG**

خزمەتەکانی SMG، لەوانە زانیاری، گرافیک، وێنە، کاری هونەری، تێکست، گرتەی ڤیدیۆیی، کۆکردنەوەی زانیاری، نەمرئامراز، گرتەی دەنگ، مارکی بازرگانی، مارکی خزمەت، لۆگۆ، ناوی بازرگانی و ناوەرۆکی تر کە لەسەر، لەنێو یان لەڕێگەی خزمەتەکانی SMGـەوە دابین دەکرێن (بە تێکرا، «**ناوەرۆکی SMG**») مڵکی SMG، ڕێکخراوە وابەستەکان، لایەنە هاوبەشەکان، لایسنسدەرەکان یان کۆمپانیا نوێنەرایەتیکراوەکانی ئێمەن و بەپێی یاساکانی کۆپیرایت، مارکی بازرگانی و یاساکانی تر لە ئەمریکا و وڵاتانی تر پارێزراون. جگە لەو شتانەی کە لە بەشی مۆڵەتی سنووردار لە خوارەوە دیاری کراون، یان ئەو شتانەی کە یاسای پەیوەندیدار فەرزی دەکات، بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسراوە لە پێشەوە، نابێت هیچ یەک لە کۆپیرایتەکان، مارکە بازرگانییەکان، مڵکی مەعنەویی دیکە یان هەر بەشێک لە خزمەتەکانی SMG بە کار بهێنرێت، دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، دووپلە بکرێت، کۆپی بکرێت، بفرۆشرێتەوە، دەستێ پێ بگەیەندرێت، بگۆڕدرێت، یان بە هەر شێوەیەکی تر دەستکاری بکردرێت، بۆ هەر مەبەستێک بێت. بەکارهێنانی ناوەرۆکی SMG بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، لەوانەیە ببێتە هۆی پێشێلکردنی یاساکانی کۆپیرایت، مارکی بازرگانی و یاساکانی تر.

ئەگەر تۆ ئەم مەرجانە (و هەروەها هەر شەرت و مەرجێکی زیادیی پەیوەست بە ناوەرۆکی تایبەتی SMG) قەبوڵ بکەیت، SMG مۆڵەتێکی کەسییکەسیی، بەتاڵکردەنی، ناتایبەت، نەگواستەنی و سنووردار بە تۆ دەدات (بێ ئەوەی مافی دووبارە دەرکردنی مۆڵەتت پێ بدات) بۆ ئەوەی دەستت بە خزمەتەکانی SMG بگات و بەکاریان بهێنیت و دایان بگرێت، و هەروەها ناوەرۆکی SMG چاپ و/یا کۆپی بکەیت تەنیا بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کەسییکەسی و لە چوارچێوەی ئەم مەرجانەدا. تۆ دان بەوە دادەنێیت کە نهێنییە بازرگانییەکان و مڵکە مەعنەوییەکانی نێو خزمەتەکانی SMG مۆڵەتیان بە تۆ نەداوە و نادرێت و هەروەها بە شێوەیەکی تر بۆ تۆ ئاشکرا نەکراون و ناکرێن. تۆ دان بەوەدا دەنێیت کە ئەو کۆدەی HTMLـە کە SMG بەرهەمی دەهێنێت بۆ دروستکردنی پەڕەکانی خزمەتەکانی، بەپێی کۆپیرایتەکانی SMG پارێزراون. هەموو ئەو مافانەی کە لێرەدا بەئاشکرا نەبەخشراون، پارێزراون بۆ SMG.

تۆ بەڵێن دەدەیت کە ئەم کارانەی خوارەوە نەکەیت، مەگەر SMG لە پێشتردا بە نووسراوە ڕێگەی پێ دابێت:

a. بەکارهێنانی ناوەرۆکی SMG لە هەر کارێکی دیکەدا (بۆ نمونە لە ماڵپەڕی خۆت دا) یان بەکارهێنانی ناوەرۆکی SMG بە هەر شێوەیەکی گشتی یان بازرگانی؛

b. گۆڕینی هەر ئاگادارییەک لەبارەی کۆپیرایت، مارکی بازرگانی یان هەر مافێکی خاوەندارێتیخاوەندارێتیی مەعنەوی کە ڕەنگە بەشێک بێت لە ناوەرۆکی SMG؛ یان

c. دانانی «لینکی قووڵ» بۆ هەریەک لە خزمەتەکانی SMG (واتە لینکی گەیشتن بە هەر پەڕەیەک جگە لە پەڕەی سەرەکیی خزمەتەکانی SMG).

مارکە بازرگانیەکان، لۆگۆکان، و مارکەکانی خزمەتگوزاری (بە تێکرا «مارکەکان») کە لەنێو یان لەڕێگەی خزمەتەکانی SMGـەوە نیشان دەدرێن مڵکی SMG یان لایەنی سێیەمن. تۆ بۆت نیە کە بێ ڕێپێدانی نووسراوی SMG یان ئەو لایەنی سێیەمە، ئەم مارکانە بە کار بهێنیت. ئەگەر سەبارەت بە چۆنیەتیی ورگرتنی ڕێپێدان لە SMG بۆ بەکارهێنانی ناوەرۆکی SMG پێویستت بە زانیاری هەیە، ئیمەیل بنێرە بۆ privacyofficer@smg.com.

**5. بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG**

5.1. شیاوبوون: خزمەتەکانی SMG نابێت لەلایەن منداڵانێکەوە بە کار بهێنن کە بەپێی یاسای وڵاتی خۆیان تەمەنیان کەمترە لەوەی کە بتوانن بە شێوەی یاسایی ڕەزامەندی بدەن بۆ لێکدانەوەی زانیارییە کەسییەکانکەسیی. ئەگەر بەپێی یاسای وڵاتەکەت تەمەنت کەمترە لەوەی کە بتوانیت ڕەزامەندی بدەیت، ناتوانیت خزمەتەکانی SMG بە کار بهێنیت.

5.2. ئەژمارئەژمارەکان: بۆ بەکارهێنانی هەندێ ئیمکانیاتی تایبەتیی خزمەتەکانی SMG، ڕەنگە پێویست بێت ئەژمارئەژمارێک دروست بکەیت («**ئەژمار (Account)**»). تۆ قەبوڵیی دەکەیت کە زانیاریی دروست، بەڕۆژ و تەواو لەبارەی خۆت بدەیت و بەردەوام ئەم زانیارییانە بپارێزیت و نوێیان بکەیتەوە. تۆ بەڵێن دەدەیت کە خۆت بە جێگەی هیچ کەس و لایەنێکی تر نیشان نەدەیت و ناسنامەی ساختە یان پەیوەندیی ساختە لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکی تر دروست نەکەیت، لەوانە بەکارهێنانی ناوی بەکارهێنەر، تێپەڕوشە، یان زانیاریی دیکەی ئەژمارئەژماری کەسێکی تر، یان ناو، هاوشێوەی، دەنگ، نیگار یان وێنەی کەسێکی تر. هەروەها بەڵێن دەدەیت کە لەڕێگەی ناونیشانی privacyofficer@smg.com ـەوە دەستبەجێ ئێمە ئاگادار

بکەیتەوە لە هەرچەشنە بەکارهێنانی ڕێگەنەدراوی ناوی بەکارهێنەر، تێپەڕوشە، و زانیاریی دیکەی ئەژمارئەژمار، هەروەها هەر حاڵەتێکی دیکەی پێشێلکردنی ئاسایش کە پەیوەندیی بە خزمەتەکانی SMG ـەوە هەیە و تۆ لێی ئاگاداریت.

**بە دروستکردنی ئەژمار، تۆ قەبوڵی دەکەیت کە ڕەنگە SMG پەیوەندیت پێوە بکات لەڕێگەی ئەو ناونیشانی ئیمەیلەی کە لە کاتی چالاککردنی ئەژمار دا دەیدەیت.**

ڕێگە مەدە کەسانی تر ئەژمارەکەت بە کار بهێنن. تۆ بەرپرسیاریت لە هەرچەشنە بەکارهێنانێکی ئەژمارەکەت، لەوانە بەکارهێنانی لەلایەن هەرکەسێکی ترەوە کە تۆ ڕێگەی دەستگەیشتن بە ئەژماری خۆت پێ داوە.

5.3. <u>بەرپرسیارێتیبەرپرسیارێتییەکانت</u>:

**بەڵێنی تۆ بۆ بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG تەنیا بۆ ئامانجی یاسایی.** تۆ بەڵێن دەدەیت کە خزمەتەکانی SMG تەنیا بۆ مەبەستی یاسایی بە کار بهێنیت. تۆ خزمەتەکانی SMG بە شێوەیەک بە کار ناهێنیت کە ببێتە هۆی زیانپێگەیاندن، لەکارخستن، بارگران کردن یان خراپکردنی سێرڤەرەکان یان تۆڕەکانی SMG یان دەستێوەردان لە کەڵکوەرگرتن و چێژوەرگرتنی هەر لایەنێکی تر لە خزمەتەکانی SMG.

**بەڵێنی تۆ بۆ بەکارنەهێنانی خزمەتەکانی SMG بۆ ئامانجی نایاسایی یان ڕێگەنەدراو.** تۆ هەروەها بەڵێن دەدەیت کە هەرگیز هەوڵ نەدەیت بە شێوەیەکی ڕێگەنەدراو دەستت بە خزمەتەکانی SMG، ئەژماری بەکارهێنەرانی تر یان سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان یان تۆڕەکانی SMG بگات لەڕێگەی هاککردن، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی تێپەڕوشە یان هەر ڕێگەیەکی تر. بێ سنووردارکردنی هەریەک لە ئەوانەی سەرەوە، تۆ قەبوڵیی دەکەیت کە هیچ یەک لەم کارانەی خوارەوە نەکەیت (و هانی کەسی تر نەدەیت یان ڕێگە بە کەسی تر نەدەیت کە ئەم کارانەی خوارەوە بکات):

a. کۆپیکردن، دەستکاریکردن، گونجاندن، وەرگێڕان، ئەندازیاریی پێچەوانە، کۆدشکاندن یان هەر هەوڵێکی دیکە بۆ بەدەستهێنان یان دەستگەیشتن بە هەربەشێک لە خزمەتەکانی SMG یان ناوەرۆکی SMG؛
b. لابردنی هەرجۆرە کۆپیرایت، مارکی بازرگانی یان هەر ئاگادارییەکی مافی خاوەندارێتیت کە لەنێو خزمەتەکانی SMG یان ناوەرۆکی SMG دا هەیە؛
c. فێڵکردن، لەکارخستن، یان هەر دەستێوەردانێکی تر لەو ئامرازانەی خزمەتەکانمان کە بۆ پاراستنی ئاسایش یان ڕێگرتن لە ساختەکاری دانراون یان ئەو ئامرازانەی کە دانراون بۆ سنووردارکردن یان ڕێگرتن لە بەکارهێنان یان کۆپیکردنی هەر ناوەرۆکێکی SMG یان سنووردارکردنی بەکارهێنانی خزمەتەکانمان یان ناوەرۆکی SMG.
d. خراپبەکارهێنانی خزمەتەکانمان لەڕێگەی ئاگاهانە دانانی ڤایرۆس، ترۆجان (Trojans)، کرم (worms)، بۆمبی لۆژیکی (logic bombs)، سیخوڕئامراز(spyware)، بەدئامراز(malware)، یان هەر شتشتێکی تر کە لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە زیانبار بێت.
e. بەکارهێنانی هەرچەشنە ڕۆبۆت، جاڵجاڵۆکە، بەرنامەی گەڕان لە ماڵپەڕ/کۆکردنەوەی زانیاری، یان هەر ئامێر و پرۆسە و کەرەستەیەکی ئۆتۆماتیکی تر بە مەبەستی دەستپێگەشیتن، هێنانەوەی زانیاری، سکرەیپکردن یان ئیندێکس کردنی بە هەر بەشێک لە خزمەتەکانی SMG.
f. بەکرێگرتن، بەکرێدان، بەقەرزدان، فرۆشتن، مۆڵەتدانی دووبارە، تەرخانکردن، دابەشکردن، بڵاوکردنەوە، گواستنەوە یان هەرچەشنە دابینکردنی خزمەتەکانی SMG، یان هەر بەش و تواناییەکی خزمەتەکانی SMG، بۆ هەر لایەنێکی سێیەم بۆ هەمەر مەبەستێک، لەوانە لەبەردەست دانان خزمەتەکانی SMG لەسەر تۆڕێک کە لەوێ هەرجار زۆتر لە یەک ئامێر بتوانێت دەستی پێ بگات.
g. گۆڕینی فۆرمات یان فرەیمی هەر بەشێک لەو وێبپەڕانەی کە بەشێکن لە خزمەتەکانی SMG؛
h. دروستکردنی زۆرتر لە یەک ئەژمار بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی ئۆتۆماتیک یان لەڕێگەی فرتوفێڵ و درۆ و ساختەکاری؛ یان
i. کۆکردنەوە و هەڵگرتنی زانیاریی کەسیی پەیوەست بە هەر بەکارهێنەرێکی تر بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسراوەی لەپێشتریی ئەوکەسە.

**لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو یان خراپی خزمەتەکانی SMG.** تۆ قەبوڵی دەکەیت کە هەرکات ئەم ڕێسایانە ببەزێنیت، دەستبەجێ مافی بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG لە دەست دەدەیت، و ئەگەر تۆ هەریەک لە شتە پێویستەکان یان قەدەخەکانی نێو ئەم مەرجانە یان هەر مەجێکی پەیوەندیداری دیکە پێشێل بکەیت، SMG بەپێی تەشخیسی خۆی بڕیار دەدات کە کۆتایی بە دەستگەیشتنی تۆ بە خزمەتەکانی SMG بهێنێت. تۆ هەروەها بەڵێن دەدەیت کە هەرکات ئێمە داوا بکەین هەر شتێکیماڵپەڕەکە کە کۆپیت کردووە، شت بگەڕێنییەوە یان لەناوی ببەیت.

بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو یان خراپی خزمەتەکانی SMG قەدەخەکراوە؛ و بەپێی بارودۆخ، لەوانەیە سکاڵای مەدەنی بۆ قەرەبووی زیان یان سکاڵای تاوان دژی تۆ تۆمار بکرێت. SMG بە مافی خۆی دەزانێت کە ڕاپۆرتی هەرچەشنە پێشێلکردنی ئەم مەرجانە یان بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو یان خراپی خزمەتەکانی SMG بۆ دەسەڵاتدارانی جێبەجێکردنی یاسا بنێرێت. لە کاتی بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو یان خراپی خزمەتەکانی SMG ، دەستبەجێ مافی بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG لە دەست دەدەیت، و ڕەنگە SMG کۆتایی بهێنێت بە دەستگەیشتنت بە خزمەتەکانی SMG بێ ئەوەی پێت ڕابگەیێنێت.
**ئەرکی تۆ بۆ دانی خەرجیەکان، کرێکان، و تێچووەکانی تر کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG (لەوانە کرێی کورتەنامە (Text Messaging Fees)).** تۆ خۆت بەتەنیا بەرپرسیاریت لە دانی هەموو خەرجیەکان، کرێکان و تێچووەکانی تر کە پەیوەندییان هەیە بە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG. ئەگەر لەسەر موبایلی زیرەک، تەبلێت یان ئامێری مۆبایلی دیکە دەستت بە خزمەتەکانی SMG بگات و بەکاریان بهێنیت، پێویستە خزمەتی بێتەلت هەبێت لەڕێگەی وای-فای یان لەڕێگەی بەشداریکردن لە دابینکارێکی خزمەتی مۆبایل. هەندێ لە خزمەتەکان ڕەنگە پێویستیان بە ئیمکانی ناردنی کورتەنامە (SMS یان MMS) هەبێت. تۆ قەبوڵی دەکەیت کە خۆت بەتەنیا بەرپرسیاریت لە دانی هەموو تێچووەکانی پەیام و دەیتا کە دابینکاردابینکاری خزمەتی مۆبایل لێت دەستێنێت. ئێمە هیچ پارەیەکی جیا ناستێنین بۆ ئەو خزمەتانەی ناردنی کورتەنامە کە ڕەنگە پێشنیاری بکەین بەڵام ڕەنگە تێچووی پەیام و دەیتات لێ بسێندرێت. هەموو تێچووەکان لەلایەن دابینکاری خزمەتی مۆبایلەوە حیساب دەکرێن و دەدرێن بە ئەو. بۆ زانیاریی پەیوەست بە پلانەکانی نرخ دیاریکردن و وردەکارییەکان، پەیوەندی بە دابینکاری خزمەتی مۆبایلی خۆتەوە بکە. SMG بەرپرسیار نیە لە هەرچەشنە دواکەوتن لە گەیاندنی پەیام یان نەهاتنی کورتەنامە چونکە گەیاندنی ئەمانە بەسراوەتەوە بە گواستنەوەی بێکێشەی دەیتا لەلایەن دابینکاری خزمەتی مۆبایلەوە. کورتەنامە ڕەنگە لە هەموو ناوچەیەک و هەموو کاتێک لە بەردەستدا نەبێت.

**لێکەوتەکانی ڕەزامەندیی تۆ بۆ هەڵبژاردنی هاتنی کورتەنامە.** کاتێک قەبوڵی دەکەیت کە لەلایەنی ئێمەوە کورتەنامەت بۆ بێت، ژمارەی ئەو کورتەنامانەی کە ئێمە دەینێرین بەسراوەتەوە بە ڕێکەوتنی تۆ لەگەڵ ئێمە. **کاتێک قەبوڵی دەکەیت کە کورتەنامەت بۆ بێت، تێدەگەیت و قەبوڵی دەکەیت کە ڕەنگە SMG سیستەمێکی پەیوەندیی ئۆتۆماتیک بە کار بهێنێت بۆ ئەوەی کورتەنامەت بۆ بنێرێت، و هەروەها تێدەگەیت کە ڕەزامەندیی تۆ بۆ وەرگرتنی کورتەنامە پێویست نیە بۆ ئەوەی ڕێگەت پێ بدرێت کە کالایەک یان خزمەتێک بکڕیت.**

4.4 ناردنەکان. SMG ڕەنگە جاروبار هەندێ دەرفەت پێشنیار بکات بە تۆ و بەکارهێنەرانی تر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی خۆبەخشانە نمرە، پێشنیار، لێدوانی ڤیدیۆیی، بیرۆکە، تێبینی، چەمک یان زانیاریی و شتی دیکە بدەن بە خزمەتەکانی SMG یان لەڕێگەی ئەم خزمەتانەوە بدەین بە لایەنێکی تر (بە تێکڕا، «**ناردنەکان**»).

تۆ خۆت بەتەنیا بەرپرسیاریت و دەبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە دەینێریت و لە پاشهاتەکانی ڕەوانەکردن و پۆستکردنی ئەم ناردنانە. تۆ خۆت بەتەنیا بەرپرسیار دەبیت لە هەموو ئەو زیانانەی کە لە ئاکامی پێشێلکردنی کۆپیرایت، یان مافی خاوەنیەت ڕوو دەدەن، هەروەها هەر زیانێکی تر کە لە ئاکامی ناردنەکانت ڕوو دەدەن. کاتێک شتێک دەنێریت یان پۆست دەکەیت، پێویستە، تا جێگایەک کە مومکینە، کەمترین زانیاریی کەسیی بدەیت، چونکە بەپێی ئەو وردەکاریانەی کە دەیدەیت ڕەنگە ناردنەکان پەیوەست بکرێن بە تۆوە.

بە ناردن، پۆستکردن یان گواستنەوەی شتە نێردراوەکان بۆ SMG (وە یا ئەو لایەنەی کە ئێمە دیاریی دەکەین) یان هەر بوارێکی خزمەتەکانی SMG، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دڵنیایی دەدەیت کە تۆ یان هەر خاوەنێکی دیکەی ئەو شتشتەی کە ناردووتە مافێکی جیهانی، ناتایبەتی، شیاوی مۆڵەتدانەوە (ی چەندجاری)، شیاوی گواستنەوە، بێ مافی پەیتەنت، هەمیشەیی، و بێ پاشگەزبوونەوە دەدات بە SMG و ئەو لایەنەی ئێمە دیاریی دەکەین بۆ ئەوەی هەموو یان بەشێک لە شتە نێردراوەکانی تۆ بە کار بهێنێت، دووبارە بەرهەم بهێنێت، مۆڵەتی لاوەکی (ی چەندجاری) بۆ بدات، دابەشی بکات و شتی دیکەی لێ دروست بکات، لە هەموو ئەو ڕێگانەوە کە ئێستا ناسراون و ئەوانەیش کە لە داهاتوودا دروست دەکرێن، بۆ هەموو مەبەستێک، بازرگانی یان مەبەستی دیکە، بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەکت بکاتەوە. بە واتایەکی تر، SMG بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک مافی ئەوەی هەیە کە ئەو شتانەی کە تۆ دەینێریت بە کار بهێنێت -- لەوانە دووبارە بەرهەمهێنان، ئاشکراکردن، بڵاوکردنەوە یان پەخشکردنی نێردراوەکانت -- لە هەر شوێن و کاتێک و بە هەر ڕێگەیەک و بۆ هەر مەبەستێک، بێ ئەوەی هیچ کرێیەک بدات یان هیچ پابەندییەکی بەرانبەر بە تۆ هەبێت. تۆ هەروەها بە هەموو بەکارهێنەرێکی تر ڕێگە دەدەیت کە بە مەبەستی بەکارهێنانی کەسیی خۆی دەستی بە شتە نێردراوەکانت بگات، بیانبینێت، هەڵیانبگرێت، یان دووبارە بەرهەمیان بهێنێت بۆ. تۆ لێرەدا مافی ئەوە

دەدەیت بە SMG (و یا ئەو لایەنانەی کە ئێمە هەڵمانبژاردوون) کە شتە نێردراوەکانت بۆ هەر مەبەستێک و لە هەر شوێنێت بە کار بهێنن. لە هیچ حاڵێک دا تۆ مافی ئەوەت نیە داوای پارە بکەیت ئەگەر بێتوو SMG و یا ئەو لایەنانەی کە ئێمە هەڵمانبژاردوون) یەکێک لەو شتانەی کە تۆ ناردووتە بە کار بهێنێت. هەموو ئەو شتانەی کە دەینێریت وەکوو شتی نانهێنی و نامڵکی هەژمار دەکرێن.

ڕەنگە هەموو کەسێک دەستی بەو شتانەی تۆپۆستیان دەکەیت بگات. تۆ قەبوڵی دەکەیت کە سەبارەت بە ئەو شتانەی کە دەیاننێری چاوەڕوانیی پاراستنی هیچ جۆرە نهێنیەکت نی. هەروەها دان بەوەدا دەنێیت کە خۆبەخشانە شتەکان دەنێریت و مەترسیەترسیی ئەمە دەکەوێتە ئەستۆی خۆت. کاتێک زانیاری، لێدوان، یان هەر ناوەرۆکێکی تر سەبارەت بە SMG، مشتەریەکانی SMG، یان هەر ڕێکخراو یان کەسێکی تر، پۆست دەکەیت پێویستە بە وردی بیر بکەیتەوە. لەوانەیە لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیار بیت لە هەر زیانێک کە دەگاتە بەکارهێنەرانی تر، SMG، یان هەر لایەنێکی سێیەم لە ئاکامی هەر شتێک کە تۆ دەینێریت و دەبێتە هۆی بەدناوبوونی لایەنێک یان هەر کردارێک کە شیاوی لێپێچینەوەی یاساییە. کاتێک شتێک دەنێریت، دەتوانیت بڕیار بدەیت کە ئەو شتەی کە دەینریت پەیوەست بکەیت بە ناوی بەکارهێنەریتەوە یان بە ناوێکی خوازراوەوە مەگەر یاسا پەیوەندیدارەکان لە وڵاتی خۆت جۆرێکی تر فەرز بکەن.

SMG لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیار نیە لەو شتانەی کە بەکارهێنەر دەینێرێت تەنانەت ئەگەر ئەو شتە نێردراوە ببێتە هۆی بەدنابوونی لایەنێک یان بە جۆرێکی تر شیاوی لێپێچینەوەی یاسایی بێت. SMG بەرپرسیار نیە لە ئەو بیروڕا، ئامۆژگاری یان پێشنیارەی کە لەڕێگەی خزمەتەکانی SMG ـەوە پۆست دەکرێن یان بە شێوەیەکی تر دەنێردرێن، و هەروەها پەسەندیان ناکات. SMG بەتایبەت خۆی دەبوێرێت لە هەرچەشنە بەرپرسیارێتیبەرپرسیارێتییەک کە پەیوەست بێت بەم شتە نێردراوانەوە. SMG لێهاتوویی، ڕابردوو یان توانایی بەکارهێنەران، و هەروەها ئەو زانیارییەی کە ئەوان لەڕێگەی خزمەتەکانی SMG ـەوە پۆستی دەکەن، پەسەند ناکات و هەڵناسەنگێنێت. لەبەر ئەمە، SMG پێداگرانە داوات لێ دەکات، لە کاتی ئامادەکردنی ئەو شتانەی کە دایاننێری، لە ژیری و توانای لێکدانەوەی خۆت سوود وەربگری.

کاتێک تۆ شتێک دەنێردرێت، هاوکات قەبوڵی دەکەیت، نیشان دەدەیت و گەرەنتی دەکەیت کە ئەو شتەی کە ناردووتە:

a. ڕاست و دروستە؛
b. پەیوەندی هەیە بە بابەت یان چەمکێکی دیاریکراو لە خزمەتەکانی SMG؛
c. کۆپیڕایت، مارکی بازرگانی، داهێنانامە، مافی وێژەیی، نهێنیی بازرگانی، ئەرکی پاراستنی نهێنی، مافی ڕێکلام، مافی خاوەندارێتی، گرێبەست یان مافی دیکەی هیچ لایەنێکی سێیەم پێشێل ناکات یان خراپ بە کار ناهێنێت؛
d. زانیارییەکی تێدا نیە کە ببێتە هۆی ناسینەوەی کەسێک یان بە هەر جۆرێکی تر دەیتای کەسیی کەسێکی تێدا نیە، مەگەر لەپێشدا ڕەزامەندیی نووسراوت لەو کەسە وەرگرتبێت؛
e. هیچ داواداوایەکی بێبنەما دەربارەی هیچ لایەنێکی سێیەم یان بەرهەمەکان یان خزمەتەکانی ناکات؛
f. هیچ جۆرە جنێو، بەدناوکردن، زانیاریی درۆ، بەلاڕێدابردن، زمانی ناشیرین، پۆڕن، توندوتیژی، دەرمارگیری، ڕووتبوون، نەفرەت، جنێودان، هەڕەشە، هەراسانکردن، ڕەفتاری دژەکۆمەڵگا، سووکایەتیی سێکسی یان ڕەگەزی یان هیچ ناوەرۆکێکی دیکەی تێدا نیە کە زیان بگەیەنێت یان ئەگەری ئەوەی هەبێت کە زیان بگەیەنێت بە کەسێک یان ڕێکخراوێک؛
g. نایاسایی نیە و هانی کاری نایاسایی نادات و پاڵپشتیی لێ ناکات و هەوەها پاڵپشتی ناکات لە گفتوگۆ لەبارەی کرداری نایاسایی بە نیەتی ئەنجامدانی؛
h. پەیوەندی بە بازرگانی یان بیزنسەوە نیە، و ڕێکلام یان پێشنیاری فرۆشی هیچ بەرهەم و خزمەتێک ناکات (چ بۆ سوود بێت چ سوودنەخواز بێت)، یان داوای یارمەتی لە کەسانی تر ناکات (لەوانە داوای بەخشین و کۆمەکی دارایی کردن)؛
i. هیچ جۆرە ڤایرۆس یان شتی زیانباری دیکەی تێدا نیە، یان بە جۆرێکی تر زیان ناگەیەنێت بە خزمەتەکانی SMG یان هەر تۆڕێکی پەیوەستکراو، یان بە شێوەیەکی تر دەستتێوەردان ناکات لە کەڵکوەرگرتن و چێژوەرگرتنی کەسێک یان ڕێکخراوێک لە خزمەتەکانی SMG؛ و
j. لەگەڵ هەموو ئەو یاسا و پەیڕەو و ڕێسا و سیاسەت و مەرجە گرێبەستییانە دەگونجێت کە پەیوەندییان هەیە بەو شتەی کە ناردووتە، هەروەها پەیوەندییان هەیە بە خزمەتەکانی SMG کە لەڕێگەی ئەوانەوە شتێک پۆست دەکەی یان ناردنەکانت ئەنجام دەدەیت، لەوانە ڕێساکانی سنووردارکردنی تەمەن.

تۆ دانی پێدا دەنێیت و قەبوڵی دەکەیت کە SMG مافی هەیە، بەڵام پابەندی نیە، کە هەر شتێکی نێردراو بگۆڕێت، لاببات یان ڕێگە بە پۆستکردنی بدات یان نەدات. SMG هیچ بەرپرسیارێتیەک ناگرێتە ئەستۆ و هیچ لێپرسراوییەک ناگرێتە ئەستۆ بۆ هەر شتێک کە تۆ یان لایەنێکی سێیەم دەینێرێت. SMG ناتوانێت و دڵنیایی نادات کە هەموو بەکارهێنەران پابەندی ئەم بڕگانە بن، و، بە هەمان شێوەی نێوان تۆ و SMG، لێرەدا تۆ خۆت هەموو مەترسییەکی هەرچەشنە زیان یان بریندابوون لە ئاکامی پابەندنەبوونی بەکارهێنەرانی تر دەگریتە ئەستۆ.

SMG پێداگرانە هانت دەدات کە لەو شتانەدا کە دەینێریت تا جێگایەک کە دەتوانیت کەمترین زانیاریی کەسیی ئاشکرا بکەیت چونکە کەسانی تر دەتوانن زانیارییە کەسییەکانی نێو ئەو شتانە ببینن کە دەینێریت. SMG بەرپرسیار نیە لەو زانیارییانەی کە بڕیار دەدەیت لەڕێگەی شتە نێردراوەکانتەوە بیدەیت بە کەسانی تر.

**6. سایت و خزمەتەکانی لایەنی سێیەم**
لەنێو خزمەتەکانی SMG دا ڕەنگە لینکی ماڵپەڕ و خزمەتەکانی لایەنی سێیەم، لەوانە میدیا کۆمەڵایەتیەکان، هەبێت (بە تێکڕا، «**خزمەتە لینککراوەکان**»). خزمەتە لینککراوەکان لەژێر کۆنترۆڵی SMG دا نین، و SMG بەرپرسیار نیە لە خزمەتە لینککراوەکان یان هەر زانیاری یان شتێک کە لەسەر خزمەتی لینککراودا هەیە یان لەڕێگەی ئەم خزمەتەوە دەگوازرێتەوە. تێدابوونی لینک بە واتای پەسەندبوونی خزمەتی لینککراو لەلایەن SMG ـەوە نیە و هەروەها بە واتای بوونی هەرچەشنە پەیوەندییەک لەگەڵ خزمەتی لینککراودا نیە. SMG خزمەتی لینککراو ناپشکنێت، هەڵناسەنگێنێت و چاودێری ناکات. SMG لینکی خزمەتی لینککراو تەنیا وەکوو ئاسانکارییەک بۆ تۆ ە دابین دەکات. مەترسیی بەکارهێنانی خزمەتی لینککراو دەکەوێتە ئەستۆی خۆت.

**7. متمانەی گرێبەست، خۆبواردن لە بەرپرسیارێتیی گەرەنتیەکان و سنوورداربوونی بەرپرسیارێتی**

SMG گەرەنتی دەکات کە SMG بە شێوەیەکی متمانەپێکراو لەسەر ئەم مەرجانە ڕێکەوتنی کردووە و توانایی یاسایی هەیە کە ئەمە بکات. تۆ گەرەنتی دەکەیت کە بە شێوەیەکی متمانەپێکراو لەسەر ئەم مەرجانە ڕێکەوتنت کردووە و توانایی یاساییت هەیە کە ئەمە بکەیت.

**مەگەر بەئاشکرا لە سەرەوە وترابێت، دەنا خزمەتەکانی SMG «بەو شێوەی کە هەن» و «لەبەردەستن» دابین دەکرێن بێ دانی هیچ جۆرە گەرەنتیەکی ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ.**
SMG هیچ جۆرە گەرەنتیەک نادات سەبارەت بە دروستی، جێباوەڕبوون، تەواوبوون، یان بەوەختبوونی ناوەڕۆکی SMG یان ئەو دەرەنجامانەی کە دەبێت لە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG و ناوەڕۆکی SMG بە دەست بهێنرێن. مەترسیی بەکارهێنانی خزمەتەکان و ناوەڕۆکی SMG دەکەوێتە ئەستۆی خۆت. خزمەتەکانی SMG و ناوەڕۆکی SMG ناوبەناو دەگۆڕدرێن. ئەم گۆڕانکارییانە ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بکرێن. هەندێ ناوەڕۆکی نێو خزمەتەکانی SMG ڕەنگە لەلایەن کەسی سێیەمەوە دابین بکرێن. SMG بەرپرسیار نیە لە ئەمجۆرە ناوەڕۆکانەی لایەنی سێیەم.

خزمەتەکانی SMG و ناوەڕۆکی SMG «بەو شێوەی کە هەن» دابین دەکرێن بێ دانی هەرچەشنە گەرەنتیەک. ئەوەندەی کە یاسای پەیوەندیدار ڕێگەی دابیت، SMG خۆی دەبوێرێت لە هەموو گەرەنتی و مەرجێک، لەوانە گەرەنتی و مەرجی ناڕاستەوخۆی بازرگانبوون، گونجاوبوون بۆ مەبەستێکی تایبەت، ناونیشان، پێشێلنەکردنی مافی خاوەندارێتی یان مافەکانی لایەنی سێیەم، ناتەواونەبوون، بەکارهێنانی بێکێشە و هەموو گەرەنتیەکی ناڕاستەوخۆ کە لە ئاکامی هەرجۆرە مامەڵە یان بەکارهێنانی بازرگانی دێتە ئاراوە.

SMG گەرەنتی ناکات کە (A) خزمەتەکانی SMG لەگەڵ پێداویستییەکانی تۆ بگونجێن، (B) کارکردنی خزمەتەکانی SMG بێ پچڕان و ڤایرۆس و گرفت بێت یان (C) گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەگەر لە ئاکامی کەڵک وەرگرتنی تۆ لە خزمەتەکانی SMG یان ناوەرۆکی SMG پێویست بێت ڕاژەیەکی تر دابین بکرێت یان ئامێرێک بگۆڕیت، یان سوود یان دەیتا لە دەست بدەیت، SMG بەرپرسیار نابێت لە تێچووەکانی. هەر ئامۆژگارییەکی زارەکی یان نووسراو کە لەلایەنی SMG یان بریکاری ڕێگەپێدراوی ئەو بدرێت نابێتە هۆی دروستبوونی هیچ گەرەنتیەک. لە هەندێ بواری یاسایی ڕێگە بە ڕێزپەرکردنی گەرەنتییە ناڕاستەوخۆکان نادرێت، ئەمەیش یانێ هەندێ لەو ڕێزپەرانەی سەرەوە یان هەموویان ڕەنگە تۆ نەگرنەوە.

**مەترسیی بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG دەکەوێتە ئەستۆی خۆت.** ئەگەر لە خزمەتەکانی SMG، لەوانە هەر ناوەرۆکێکی خزمەتەکانی SMG، ڕازی نیت، تاکە چارەسەری تۆ ئەوەیە کە کۆتایی بە بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG بهێنیت.

تۆ قەبوڵی دەکەیت کە SMG یان هەر لایەنێکی سێیەم کە لە هەریەک لە خزمەتەکانی SMG دا ئاماژەیان پێ کراوە بەرپرسیار نابن (A) لە هەر زیانێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تایبەت، نموونەیی، ڕووداوی، پاشهاتی یان سزادەرانە یان هەر زیانێکی دیکە (لەوانە، دابینکردنی کالا یان خزمەتی جێگرەوە، لەدەستدانی بەکارهێنان، دەیتا یان سوود، یان پچڕانی کاری بازرگانی) کە ڕوو بدات و لە چوارچێوەی هەر تیۆرییەکی بەرپرسیارێتی بە هەرشێوەیەک کە پەیوەندی هەبێت بەم مەرجانەوە یان بە بەکارهێنان یان نەبوونی توانایی بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG و ناوەرۆکیان، چ لەسەر بنەمای گەرەنتی، گرێبەست، بەرپرسیارێتیی تەواو، یان زیان (لەوانە کەمتەرخەمی یان بەپێچەوانەوە) بێت، چ لەسەر بنەمای هەر تیۆرییەکی یاسایی دیکە بێت تەنانەت ئەگەر SMG ئاگادار کرابێتەوە لە ئەگەری ئەم جۆرە زیانە، یان (B) لە هەر داوادوا، داخوازی یان زیانێکی تر کە لە ئاکام یان لە پەیوەند لەگەڵ کەڵکوەرگرتنی تۆ لە خزمەتەکانی SMG ڕوو بدات. ئەم خۆبواردن لە بەرپرسیارێتییە ئەو بەرپرسیارێتییانە ناگرێتەوە کە لە ئاکامی کەمتەرخەمیی ئاشکرا یان ئەنقەست خراپ کارکردنی ئێمە ڕوو دەدەن، و هەروەها ئەم خۆبواردنەوە ئەو بوارانە ناگرێتەوە کە یاسای پەیوەندیدار قەدەخەی کردووە.
ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک بەیاننامەکانی خۆبواردن لە گەرەنتی یان سنوورداربوونی بەپرسیارەتی کە لە ئەم بەشی 7 ـەدا هاتوون شیاوی بەکارهێنان یان جێبەجێکردن نەبن، زۆرترین بەرپرسیارێتیی SMG بۆ هەر زیانێک کە لە خوارەوە باس دەکرێت 1000 دۆلار دەبێت.

**تۆ دانی پێدا دەنێیت و قەبوڵی دەکەیت کە ئەو سنوورداربوونی بەرپرسیارێتییە کە لەسەرەوە داوائاماژەی پێکراوە، لەگەڵ بڕگەکانی تری نێو ئەم مەرجانە کە ئاستی بەرپرسیارێتی سنووردار دەکەن، مەرجی بنەڕەتین و SMG ئامادە نیە ئەو مافانە بە تۆ بدات کە لەنێو ئەم مەرجانەدا دیاری کراون مەگەر لە بەرانبەر ڕازیبوونی تۆ بە ئەو سنووردارbوونی بەرپرسیارێتیە کە لەسەرەوە داوائاماژەی پێکراوە.**

ئەگەر تۆ دانیشتووی کالیفۆڕنیای، ئەوە دەست هەڵدەگریت لەو مافانەت کە پەیوەندییان هەیە بە یاسای مەدەنیی کالیفۆڕنیا بەشی 1542، کە دەڵێت «بەیاننامەیەکی گشتی بە واتای لەخۆگرتنی ئەو داواداوایانە نیە کە داواکار نازانێت هەن یان گومان دەکات کە هەن، بە سوودی ئەو، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەدا، کە ئەگەر ئەو بیزانیبایە دەبوو کاریگەریی بنەڕەتیی هەبوایە لەسەر ڕێکەوتن و سازانی لەگەڵ لایەنی قەرزدار.»

**8. قەرەبووکردنەوە**
تۆ، بە بەرپرسیارێتیی دارایی خۆت، قەبوڵی دەکەیت کە بەرگری بکەیت لە SMG و مشتەرییەکانی، بەڕێوەبەرانی، ئەفسەرانی، کارمەندانی و بریکارانی و قەرەبوویان بکەیتەوە و بیانپارێزیت لە هەرچەشنە زیان، بەرپرسیارێتیی زیان، داواداوا، کردار یان داواکاری، لەوانە هەرجۆرە زیانێکی پارەیی، تێچوو، خەرجی بەرگری، لەوانە کرێی پارێزەر و ژمێریار، کە لایەنێکی سێیەم دژی SMG داواداوای دەکات لە ئاکامی (a) ئەو شتانەی کە تۆ دەینێریت، (b) کەڵک وەرگرتنی تۆ لە خزمەتەکانی SMG یان (c) پشێلکردنی ئەم مەرجانە، مافەکانی لایەنی سێیەم یان یاسای پەیوەندیدار لەلایەن تۆوە. بڕگەی قەرەبووکردنەوە ئەو بوارانە ناگرێتەوە کە یاسای پەیوەندیدار قەدەخەی کردووە. SMG، بە بەرپرسیارێتیی دارایی خۆی، مافی ئەوە بۆ خۆی دەپارێزێت کە ئەم بڕگە تایبەتە بۆ خۆی قایل بێت و هەر بابەتێکی قەرەبووکردنەوە کە لە خوارەوە باس دەکرێت کۆنترۆڵ بکات. هەرچەشنە سازان و ڕێکەوتنێک کە کاریگەری هەبێت لەسەر مافەکان یان ئەرکەکانی SMG دەبێ لەپێشدا بە نووسراوە لەلایەن SMG ـەوە پەسەند بکرێت.

**9. چارەسەرکردنی ناکۆکیی**

جیا لە هەر ناکۆکییەکی پەیوەست بە مافەکان یان ئەرکەکانی خاوەندارێتی مەعنەوی، یان هەر داواداوایەکی پێشێلکردن، کە دەبێ بەپێی یاسای فیدراڵی ئەمریکا دادگایی بکرێت، هەر ناکۆکییەک لەنێوان تۆ و SMG دا ڕوو بدات لە ئاکامیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەرجانەدا، دەبێ بەپێی یاساکانی ویلایەتی میسۆری (ویلایەتە یەکگرتووەکان) (Missouri (United States)) لێک بدرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، بێ لەبەرچاوگرتنی وڵاتی خۆجێی تۆ کە لەوێ دەستت بە خزمەتەکانی SMG گەیشتووە، و سەرەرای هەبوونی هەر ناکۆکییەک لە بنەما یاساییەکاندا. هەموو ئەم ناکۆکییانە دەبێت بەپێی ئەو یاسایانەی میسۆری تەفسیر بکرێن کە پەیوەندییان هەیە بە ئەو گرێبەستانەی کە لە ویلایەتی میسۆری واژۆ و جێبەجێ دەکرێن. تۆ و SMG ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی کە پەیماننامەی گرێبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فرۆشتنی کاڵای نێودەوڵەتی شیکردنەوە یان تەفسیری ئەم مەرجانە ناگرێتەوە.

**تۆ و SMG ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی کە هەریەک لە ئێوە دەتوانێت دژی ئەوی تر داوایەک بکات تەنیا لەسەر بنەمای تاکەکەسی نەک وەکوو سکاڵاکەر یان بەشێک لە پۆلێکی داواکراو یان هەنگاوێکی یاسایی نوێنەرانە.**

**تۆ و SMG ڕێک دەکەون کە هەموو داواکان لەڕێگەی بڕیاری دادوەریی ناچارکەرەوە چارەسەر بکرێن بەو شێوەی کە لە بەشی 9 دا دیاری کراوە و تۆ و SMG دەست هەڵدەگرن لە هەموو مافێکی دانی ئەم داوایانە بە دادگا. ئەو مافانەی کە دەتبوو ئەگەر چووبایە دادگا، وەکوو مافی پێشکەشکردنی بەڵگە، ڕەنگە لە بڕیاری دادوەریدا نەبن یان سنووردار بن.**

هەر ناکۆکییەک لەنێوان تۆ و SMG و بریکارەکانی، کارمەندانی، ئەفسەرانی، بەڕێوەبەرانی، سەرۆکانی، جێگرانی، ڕاسپێردراوانی، وابەستەکانی یان لایەنەکانی ڕوو بدات لە ئاکام یان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەرجانە و تەفسیر یان پێشێلکردنیان، کۆتاییپێهێنان یان بایەخدارییان، ئەو پەیوەندییەی کە لە ئاکامی ئەم مەرجانەدا دروست دەبێت، لەوانە ناکۆکیی لەبارەی متمانەندی، ڕادە و توانای جێبەجێکردنی ئەم مەرجانە (بە تێکڕا، «**ناکۆکییە لەبەرگیراوەکان**») بەپێی ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوە چارەسەر دەکرێن کە لە ویلایەتی میسۆری لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریی ئەمریکا (AAA)-ەوە ( American Arbitration Association) جێبەجێ دەردەکرێت بەپێی ئەو حوکمانەی کە لەو ڕێکەوتەدا دەدرێن (لەوانە ڕێسا و ڕێبازەکانی بۆ ناکۆکییەکانی پەیوەست بە بەکاربەر). بەرلە دەستپێکردنی هەر داوایەکی دادوەری، لایەنی دەستپێکەر لانیکەم 60 ڕۆژ پێشتر بە نامە لایەنی بەرانبەری ئاگادار دەکاتەوە کە دەیهەوێت داوای دادوەری بکات. SMG بە ئیمەیل ئەم ئاگادارییە دەنێرێت بۆ ئەو ناونیشانەی کە تۆ لە کاتی دروستکردنی ئەژمار داوتە یان ئەو ناونیشانی ئیمەیلەی کە لەڕێگەیەکی ترەوە داوتە بە SMG؛ تۆ دەبێ بە ئیمەیل ئەم ئاگادارییە بنێریت بۆ SMG بە ناونیشانی privacyofficer@smg.com.

دانی پارەی هەرچەشنە تۆمارکردنی دۆسیە، جێبەجێکردن و کرێی دادوەر بەپێی ڕێساکانی AAA دەبێت. بەڵام، ئەگەر بیسەلمێنیت کە تێچووەکانی دادوەری بە بەراورد لەگەڵ تێچووەکانی دادخوازی ڕێگرن لەوەی کە داوای دادوەری بکەیت، ئەوەندەی کە دادوەر بە پێویستی بزانێت SMG پارەی تۆمارکردنی دۆسیە، جێبەجێکردن و کرێی داوەر دەدات بۆ ئەوەی تێچووەکان ڕێگر نەبن لە جێبەجێکردنی داوای دادوەریی تۆ. ئەگەر داوەر بڕیار بدات کە داواکانی تۆ لەم داوای دادوەریە دا بێ بنەمان، تۆ قەبوڵی دەکەیت کە هەموو ئەو تێچووانە بدەیتەوە کە SMG بە نوێنەرایەتیی تۆ داویە بۆ ئەم دادوەریە و بەپێی ڕێساکانی AAA دەبێ بیاندەیتەوە.

یەک دادوەر هەڵدەبژێردرێت بەپێی ڕێساکانی دادوەریی بازرگانیی AAA. دادوەری بە زمانی ئینگلیزی بەڕێوە دەچێت. دادوەر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بەپێی یاسا هەر بڕیارێکی دادوەری بدات و هەر بڕیارێک کە ئەو ئەیدات بۆ هەردوولا یەکلاکەرەوە و ئیجباری دەبێت و ڕەنگە لە هەر دادگایەکی شیاودا وەکوو حوکمی دادوەر هەژمار بکرێت. بەڵام، دادوەر دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە فەرمانی قەرەبووی سزادان یان پاداش کردن بدات، و لێرەدا هەردوو لایەن دەست لەم مافەیان هەڵدەگرن. دادوەر یاسای پەیوەندیدار و بڕگەکانی نێو ئەم مەرجانە بە کار دەهێنێت؛ وە ئەگەر وەها نەکات لە بڕیاری دادوەری دا زیادەڕەوی کردووە و ئەمە دەبێتە بنەما بۆ پێداچوونەوەی دادوەری. بڕیاری دادوەر دەبێ بە نووسراوە ڕوون بکرێتەوە و بەنهێنی بمێنێتەوە. SMG و تۆ ڕێک دەکەون کە هەریەک لە «ناکۆکییە لەبەرگیراوەکان» تەنیا لەسەر بنەمایەکی تاکەکەسی بدرێن بە دادوەر. **نە SMG و نە تۆ مافی ئەوەتان نیە کە هەر ناکۆکییەکی لەبەرگیراو وەکوو بەشێک لە پۆلێک یان هەنگاوێکی نوێنەرانە، یان هەنگاوێکی داواکاریی گشتیی تایبەت بدەن بە دادوەری، و دادوەر هیچ دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە دۆسیەکە وەکوو بەشێک لە پۆلێک یان هەنگاوێکی نوێنەرانە، یان هەنگاوێکی داواکاریی گشتیی تایبەت لێک بداتەوە.**. ئەگەر بڕگەیەکی ڕێکەوتنی دادوەری لەم بەشی 9یەدا قابیلی پێشبینی نەبێت، ئەو بڕگەیە بەتاڵ دەکرێت و ئەوە دوای مەرجەکانی دادوەری جێبەجێ دەکرێن (بەڵام لە هیچ کەیسێکدا، دۆسیەکە وەکوو بەشێک لە پۆلێک یان هەنگاوێکی نوێنەرانە، یان هەنگاوێکی داواکاری گشتیی تایبەت لێک

نادرێتەوە). بێ لەبەرچاوگرتنی هەر یاسا و ڕێسایەکی پێچەوانە، ئاگاداری لەبارەی هەر داوایەک کە پەیوەندی بەم مەرجانەوە هەبێت، دەبێت لە ماوەی یەک (1) ساڵ دوای ڕاگەیاندنی داواکە بدرێت بە لایەنی بەرانبەر دەنا داواکە بۆ هەمیشە بەتاڵ دەکرێتەوە. بە ئامانجی ئەم بەشی 9یە، ئەم مەرجانە و مامەڵە پەیوەندیدارەکانی بە گوێرەی یاسای دادوەریی فیدراڵ، 9 U.S.C. sec. 1-16 (FAA) لێک دەدرێنەوە.

**تێبینی:** کاتێک ئەم مەرجانە قەبوڵ دەکەیت، ئاشکرا ئەوە قەبوڵ دەکەیت کە هەرچەشنە داوا و هەنگاوێکی یاسایی کە ڕەنگە دژی SMG هەتبێت، بەپێی یاساکانی هەر ناوچەیەک لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لێرەدا بەتاڵ دەبێتەوە لەوانە، هەر داوا و هەنگاوێک لە چوارچێوەی یاساکانی وڵاتی خۆت، و هەروەها تاکە شوێن و یاسای پەیوەندیداری تۆ بۆ هەر ناکۆکییەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت، بەپێی مەرجەکانی ئەم بەشی 9یە.

**10. پاداشتەکان**

جاروبار، ڕەنگە SMG دەرفەتی ئەوەت پێ بدات کە پاداشت یان خەڵات وەربگریت، بۆ نموونە خاڵی پاداشت، داشکاندن یان پێشنیاری تایبەت (بە تێکڕا، «**پاداشتەکان**»). هەرکات لەڕێگەی خزمەتەکانی SMG ـەوە پاداشتێک بۆ تۆ هەبێت، ئێمە ئاگادارت دەکەینەوە. سوودەکانی پاداشت و هەروەها ماوەی بایەخیان ڕەنگە جیاواز بێت، لەبەر ئەمە کاتێک پاداشتێکت پێ دەدرێت، وردەکارییەکانی چێک بکە. بۆ مینیرووپێو (SurveyMini)، دوای نەوەد (90) ڕۆژ ناچالاکبوون، خاڵەکانی پاداشتت بەسەر دەچن. پاداشتەکانت بۆ بەکارهێنانی کەسیی تۆن. تۆ ناتوانیت پاداشتەکانت بگوازیتەوە، تەرخان بکەیت، بفرۆشیت یان مامەڵەی پێ بکەیت. مەگەر یاسا ڕێگەت پێ بدات ، دەنا ناتوانیت پاداشتەکان نەخت بکەیتەوە و هەروەها ناتوانیت لەگەڵ هیچ هاندەر و پێشنیار و داشکاندنێکی دیکەی SMG یان مشتەری تێکەڵی بکەیت. دوای ئەوەی کە پاداشتەکەت ئازاد دەکەیت کە وەریبگریت، بۆ هیچ هۆکارێک هیچ جۆرە کرێدیت یان پارەدانەوەیەک بۆ تۆ دەرناکرێت. SMG بە مافی خۆی دەزانێت کە پاداشتەکان بگۆڕێت، کۆتاییان پێ بهێنێت یان هەبوونیان هەڵسپێرێت. تۆ بەڵێن دەدەیت کە لە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە پاداشتەکان پابەند بیت بە بڕیارەکانی SMG، کە یەکلاکەرەوە و ناچاری دەبن.

**11. نوێکردنەوەی ئەپەکانی مۆبایل**

ئێمە ڕەنگە ناوبەناو (بەپێی ڕەسیوی خۆمان) نوێکردنەوە بۆ ئەپە مۆبایلەکانمان ئامادە بکەین و بڵاو بکەینەوە، کە ئاپگرەید، چارسەری کێشەکان، پینە و هەڵەڕاستکردنەوەکانی تر و یا ئامرازی نوێ لە خۆ دەگرێت (بە تێکڕا، «**نوێکردنەوەکان**»). نوێکردنەوەکان ڕەنگە هەندێ لە ئامراز و تواناییەکان بگۆڕن یان بەتەواوی بیانسڕنەوە. تۆ قەبوڵی دەکەیت کە SMG هیچ پابەندییەکی نییە کە نوێکردنەوەیەک دابین بکات یان ئامراز و تواناییەکی تایبەتی بەردەوام دابین یان چالاک بکات.

بەپێی ڕێککردنەکانی ئامێرە مۆبایلەکەت، کاتێک ئامێرەکەت پەیوەستە بە ئینتەرنێت، یان: (a) نوێکردنەوەکان خۆی بۆ خۆی دادەگیردرێن و دادەمەزرێندرێن؛ یان (b) ئاگاداری یان پەیامێکت بۆ بێت کە پێشنیاری داگرتن و دامەزراندنی نوێکردنەوەکان بدات.

خێرا هەموو نوێکردنەوەکان دابگرە و دابمەزرێنە. ئەگەر وەها نەکەیت، ڕەنگە هەندێ بەش لە خزمەتەکانی SMG باش کار نەکەن. هەروەها، تۆ قەبوڵی دەکەیت کە هەموو نوێکردنەوەکان وەکوو بەشێک لە خزمەتەکانی SMG ـن و هەموو مەرج و شەرتەکانی نێو ئەم مەرجانە دەیانگرێتەوە.

**12. واژۆکردنی گرێبەست بە ڕێگەی ئەلەکترۆنی**

کاتێک تۆ هەنگاو هەڵدەگریت بۆ بەکارهێنان وە یا ناوتۆمارکردن بۆ خزمەتەکانی SMG بە واتای ئەوەیە کە تۆ ڕازیت کە بە شێوەی ئەلەکترۆنی لەگەڵ ئێمە ڕێکەوتنامە واژۆ بکەیت.

**13. سنووردارییە جوگرافییەکان/کۆنترۆڵەکانی هەناردەکردن**

بنکەی خزمەتەکانی SMG و ناوەرۆکی SMG لە ویلایەتی میسۆریی ئەمریکایە و هەرچەند ڕەنگە هەریەک لەمانە دابین بکرێت بۆ دەستپێگەیشتن و بەکارهێنانی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، تۆ دان بەوەدا دەنێیت کە لەبەر هۆکاری یاسایی یان پیشەیی، ڕەنگە نەتوانیت لە ناوچەی خۆتەوە دەستت بە خزمەتەکانی SMG یان ناوەرۆکی SMG بگات. ئەگەر لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستت بە خزمەتەکانی SMG و ناوەرۆکی SMG بگات، بەرپرسیاریت کە پابەند بیت بە یاسا خۆجێیەکان، لەوانە یاسای خۆجێیی تایبەت بە هاوردەکردن، هەناردەکردن، یان دووبارە هەناردەکردنی ناوەرۆکی SMG.

لە هەندێ وڵاتی تایبەت ڕەنگە خزمەتەکانی SMG پابەندی یاساکانی کۆنترۆڵی هەناردەکردن بن، لەوانە یاسای بەڕێوەبردنی هەناردەکردنی ئەمریکا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانی. تۆ بەڵێن دەدەیت کە پابەند بیت بەم جۆرە یاسا و ڕێسایانە، و ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ خزمەتەکانی SMG هەنارده نەکەیت، دووباره-هەنارده نەکەیت یان دابین نەکەیت بۆ ناوچەیەک یان وڵاتێک کە بەپێی یاسا و ڕێسا و پەیڕەوەکان هەناردەکردن، دووبارەهەناردەکردن و دابینکردن بۆ ئەوێ قەدەخەیە. تۆ هەروەها بەڵێن دەدەیت کە پابەند بیت بە یاسا و ڕێسا فیدراڵیەکان، و بەرلە هەناردەکرد، دووبارەهەناردەکردن، یان دابینکردنی خزمەتەکانی SMG بە هەر شێوەیەکی تر بۆ دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەموو ئەرکە پێویستەکان جێبەجێ بکەیت (لەوانە وەرگرتنی مۆڵەتی هەناردەکردنی پێویست یان هەر پەسەندێکی حکوومیی دیکە). هەروەها، بە داگرتنی هەر ناوەرۆکێکی SMG، تۆ قەبوڵی دەکەیت کە لە یەکێک لەو وڵاتانەدا نیت کە هەناردەکردن بۆ ئەو وڵاتە قەدەخەیە، و هەروەها ناوی تۆ لە لە لیستی فەرمانەکانی قەدەخەکردنی وەزارەتی بازرگانیی ئەمریکا یان لیستی کەسانی بەتایبەت دەستنیشانکراوی وەزارەی گەنجینەی ئەمریکادا نیە.

**14. مافەکانی حکوومەتی ئەمریکا**
خزمەتەکانی SMG، نەرمئامرازی کۆمپیۆتەریی بازرگانین، بەو شێوەی کە لە 48 C.F.R. §2.101دا پێناسە کراوە. بەم پێیە، ئەگەر تۆ ڕێکخراوێکی حکوومەتی ئەمریکا یان بەڵێندەرێکی ، تۆ تەنیا ئەو مافانەت سەبارەت بە خزمەتەکانی SMG هەیە کە بەپێی مۆڵەت دەدرێت بەهەموو بەکارهێنەرانی تر، بەگوێرەی 48 C.F.R. §227.7201 (a) تا 48 C.F.R. §227.7204، پەیوەست بە وەزارەتی بەرگری و بەڵێندەرانی، یان 48 C.F.R. §12.212 (b)، پەیوەست بە مۆڵەتدراوانی حکوومەتی ئەمریکا و بەڵێندەرانیان.

**15. کۆتاییپێهێنان**

ڕەنگە SMG، تەنیا بەپێی ڕەسیوی خۆی، خزمەتەکانی SMG دەستکاری بکات یان کۆتاییان پێ بهێنێت، یان ئەژماری تۆ یان دەستگەیشتنت بە خزمەتەکانی SMG بگۆڕێت، هەڵسپێرێت، یان کۆتایی پێ بهێنێت، بە ئاگادارکردنەوە یان بێ ئاگادارکردنەوەی تۆ، لە هەر کاتێک و بەر هەر بیانوویەک، بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارێتیەکی قەرەبووکردنەوەی بەرانبەر بە تۆ یان لایەنێکی سێیەم هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر SMG بەڵگە یان بیانووی پێویستی دەربارەی ئەوە هەبێت کە تۆ منداڵیت ، ڕەنگە کۆتایی بە ئەژمارەکەت یان دەستگەیشتنت بە خزمەتەکانی SMG بهێنێت. وەکوو نموونەیەکی تر، ئەگەر SMG هۆکاری پێویستی هەبێت بۆ گەیشتن بەو باوەڕەی کە تۆ زانیاریی ناڕاست، ناتەواو یان نادروستت داوە، یان بە جۆرێکی تر پابەند نەبووی بە ئەم مەرجانەوە یا هەر مەرجێکی پەیوەندیداری دیکە، ڕەنگە SMG کۆتایی بە ئەژمارەکەت یان توانایی کەڵکوەرگرتنت لە خزمەتەکانی SMG بهێنێت، بە ئاگادارکردنەوە یان بێ ئاگادارکردنەوەی تۆ.

تۆ بەڵێن دەدەیت کە هەرکات ئێمە داوا بکەین هەر شتێکی ماڵپەڕەکە کە کۆپیت کردووە، بگەڕێنییەوە یان لەناوی ببەیت.

کۆتاییپێهێنان نابێتە هۆی سنووردارکردنی هیچ کام لە ماف و چارەسەرییەکانی دیکەی SMG. ئەم مەرجانە ئاشکرا دەمێننەوە، و هەر جێبەجێ دەکرێن، سەرەڕای هەرچەشنە گۆڕین، کۆتاییپێهێنان، هەڵسپاردن و یا لەناوبردنێک.

**16. داواکانی پێشێلکردنی کۆپیرایت**
SMG ڕێز دەگرێت لە مافەکانی خاوەندارێتی مەعنەویی کەسانی تر. ئێمە وەڵامی هەر داوایەکی پێشێلکردن دەدەینەوە بەو شێوەی کە یاسای کۆپیرایتی هەزارەی دیجیتاڵی ئەمریکی («**DMCA**») پەسەندی کردووە، بۆ نموونە، ئەگەر گونجاو بێت، ڕێگە دەگرین لە دەستگەیشتن بەو شتەی کە پێشێلکاریی لەسەر کراوە یان خودی شتەکە لادەبەین.

ئەگەر دڵنیایت کە کارەکەت کۆپی کراوە بە شێوەیەک کە پێشێلکردنی کۆپیرایتە یان مافی خاوەندارێتی مەعنەویی تۆ بە شێوەیەکی تر لەڕێگەی خزمەتەکانی SMG ـەوە پێشێل کراوە، داواکەت یان ئاگاداریی پێشێلکردن بنێرە بۆ بریکاری DMCAی ئێمە، لە ڕێگەی ناردنی نامە بۆ:

DMCA Agent
گرووپی بەڕێوەبەرایەتیی خزمەت، ئێڵئێڵسی (Service Management Group, LLC)
شەقامی ئێمسیگیئیی 1737 (1737 McGee Street)
شاری کانزاس 64108، ئێم ئۆ (Kansas City, MO 64108)

یان ناردنی ئیمەیل بۆ:
privacyofficer@smg.com

ئاگادارییەکەت دەبێ ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدا بێت:

a. واژۆی دەستی یان ئەلەکترۆنیی ئەو کەسەی کە ڕێگەی پێ دراوە هەنگاوی یاسایی هەڵبگرێت بە نوێنەرایەتیی خاوەن مافێکی تایبەت کە داوای پێشێلکردنی دەکرێت؛
b. دیاریکردنی ئەو کارەی کە داوا دەکرێت کۆپیرایتەکەی پێشێل کراوە، یان، ئەگەر ئاگادارییەکە چەند کاری خاوەن کۆپیرایت لە یەک ماڵپەڕی ئۆنلاین دەگرێتەوە، لیستێک کە ئەم کارانە لەو ماڵپەڕەدا نیشان بدات؛
c. دیاریکردنی ئەو شتەی کە داوا دەکرێت پێشێل کراوە یان پێشێلکاری لەبارەیەوە کراوە و دەبێ لاببرێت یان ڕێگەی دەستپێگەیشتنی دابخرێت، و زانیاریی پێویست بۆ ئەوەی دابینکاری خزمەت بتوانێت ئەو شتە دەستنیشان بکات؛
d. زانیاریی پێویست بۆ ئەوەی دابینکاری خزمەت بتوانێت پەیوەندی بکات بە لایەنی سکاڵاکار، بۆ نموونە ناونیشان، ژمارە تەلەفۆن، و، ئەگەر هەبێت، ناونیشانی نامەی ئەلەکترۆنی کە بتوانرێت بۆ پەیوەندیکردن بە لایەنی سکاڵاکەر بە کار بهێنرێت؛
e. بەیاننامەیەک کە نیشان بدات لایەنی سکاڵاکەر دڵنیایە کە خاوەنی کۆپیرایتی شتەکە، بریکاری ئەو، یان یاسا ڕێگەی نەداوە بەو شێوەی کە سکاڵای لەسەر کراوە بە کار بهێنرێت؛ و
f. بەیاننامەیەک کە جەخت بکاتەوە ئەو زانیارییانەی نێو ئاگادارییەکە دروستن، و بەپێی سزای شایەتیی درۆ، لایەنی سکاڵاکەر ڕێگەی پێ دەدرێت کە هەنگاوی یاسایی هەڵبگرێت بە نوێنەرایەتیی خاوەنی مافێکی تایبەت کە داوای پێشێلکردنی دەکرێت.

بریکاری DMCAی ئێمە تەنیا وەڵامی ئەو ئاگاداری و پرسانە دەداتەوە کە لەگەڵ مەرجەکانی DMCA دەگونجێن. بۆ زانیاریی زۆرتر، سەردانی www.copyright.gov بکە.

## 17. زانیاری بۆ دانیشتوانی کالیفۆرنیا

بەپێی یاسای مەدەنیی کالیفۆرنیا بەشی 1789.3، پێویستە ئێمە ئەم زانیارییانەی مافی مشتەری کە لە خوارەوە هاتوون بدەین بە دانیشتوانی کالیفۆرنیا:

a. خاوەن و دابینکاری خزمەتەکانی SMG بریتیە لە گروپی بەڕێوەبەرایەتیی خزمەت، ئێڵئێڵسی ( Service Management Group, LLC)، شەقامی ئێمسیگیئیئی 1737(1737 McGee Street)، شاری کانزاس 64108، ئێم ئۆ (Kansas City, MO 64108). ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندی لەگەڵ SMG بریتیە لە 1-800-764-0439؛
b. مەگەر بەڕوونی و بە شێوەیەکی تر وترابێت، دەنا خزمەتەکانی SMG بێ خەرج و تێچوو دابین دەکرێن؛
c. بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەبارەی خزمەتەکانی SMG یان بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر لەبارەی بەکارهێنانی خزمەتەکانی SMG ، نامەیەک بنێرە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خزمەت، ئێڵئێڵسی (Service Management Group, LLC)، بگاتە دەستی: فەرمانبەری پارێزەری زانیاری (Data Protection Officer)، شەقامی ئێمسیگیئیئی 1737( 1737 McGee Street)، شاری کانزاس 64108، ئێم ئۆ (Kansas City, MO 64108). یان لەڕێگەی ناونیشانی privacyofficer@smg.com ئیمەیلمان بۆ بنێرە (و لە بەشی بابەتی ئیمەیلەکەدا بنووسە « California Resident Request»). هەروەها دەتوانیت نامە بنێریت بۆ یەکەی یارمەتیی سکاڵا لە بەشی خزمەتەکانی بەکاربەری وەزارەتی کاروباری بەکاربەرانی کالیفۆرنیا (the Complaint Assistance Unit of the Division of Consumer Services of California’s Department of Consumer Affairs) بە ناونیشانی 400 R Street, Suite 1080, Sacramento, California 95814 یان بە تەلەفۆن لە ڕێگەی ژمارەی 916.445.1254 یان 800.952.5210 سکاڵاکەت ڕابگەیەنیت.

## 18. جۆربەجۆر

a. ئەم مەرجانە و سیاسەتەکانی نهێنیپارێزی کە لە سایتی پەیوەندیداردا هاتوون، تێگەیشتنی تەواوی تۆ و SMG سەبارەت بەو بابەتانەی کە لێرەدا باس کراون، لە خۆ دەگرن.
b. ئەم مەرجانە بە ئینگلیزی نووسراون. ڕێکەوتنامەی ئینگلیزی لە هەموو بوارەکاندا ئەولەویەتی هەیە. وەرگێڕانی ئەم ڕێکەوتنامەیە بە هەر زمانێکی تر تەنیا بۆ مەبەستی ئاسانکارییە و لەسەر هیچ کام لە لایەنەکان فەرز نیە.
c. ئەم مەرجانە لەسەر جێنشین و نوێنەر و بریکاری تۆ و SMG فەرز دەبێت.
d. SMG دەتوانێت ئەم مەرجانە بگوازێتەوە بۆ لایەنێکی تر، بەڵام تۆ نابێت، بێ وەرگرتنی نامەی ڕەزامەندیی پێشینە لە SMG ، بیگوازیتەوە بۆ کەسێکی تر.
e. ئەگەر هەر برگەیەک لەم مەرجانە شیاوی جێبەجێکردن نەبێت یان بێبایەخ بێت، برگەکانی تر وەکوو خۆیان دەمێننەوە و کاریگەرییان دەبێت وەک ئەوەی کە ئەو برگەی کە جێبەجێ ناکرێت یان بێبایەخە هەر بە کار نەهێنرابێت.

f. ئەگەر SMG یان تۆ یەکێک لە ئەرکەکانی خۆتان لە چواچێوەی ئەم مەرجانەدا بەجێ نەهێنن، و لایەنی بەرانبەر داوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نەکات، ئەم داوانەکردنە لە هەر حاڵەتێکدا نابێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی ئەرکەکە و ڕێگر نابێت لە داوای جێبەجێکردنی لە حاڵەتێکی تردا.
g. هیچ شتێکی نێو ئەم مەرجانە نابێتە هۆی ئەوەی کە SMG یان تۆ وەکوو بریکار یان نوێنەری ئەوی ترتان یان وەکوو وەبەرهێنەری هاوبەش یان هاوبەشی ئاسایی هەژمار بکرێت.
h. ئەگەر SMG یان تۆ ڕێگریتان لێ بکرێت یان نەتوانن ئەرکێکتان لە چوارچێوەی ئەم مەرجانەدا جێبەجێ بکەن بەهۆی هەر هۆکارێک کە لە کۆنترۆڵی ئەو لایەنەدا نەبێت کە داوای جێبەجێکردنی ئەم برگەیە دەکات، کارکردی لایەنی بەرکەوتوو درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی دواکەوتن یان نەبوونی توانایی جێبەجێکردن بەهۆی ئەم هۆکارەوە.
i. سەردێڕەکان و پانووسەکان تەنیا بۆ مەبەستی ئاسانکارین.

**پرسیارت هەیە؟**

ئەگەر لەبارەی ئەم مەرجانەی بەکارهێنان یان لەبارەی خزمەتەکانی SMG هەر پرسیارێکت هەیە، لەرێگەی ناونیشانی privacyofficer@smg.com پەیوەندیمان پێوە بکە.

هەروەها دەتوانیت نامەمان بۆ بنێریت بە ناونیشانی:
گروپی بەڕێوەبەرایەتیی خزمەت، ئێلئێلسی (Service Management Group, LLC)
Attn: فەرمانبەری پارێزەری زانیاری (Data Protection Officer)
شەقامی ئێمسیگیئیئی 1737 (1737 McGee Street)
شاری کانزاس 64108، ئێم ئۆ (Kansas City, MO 64108)

®/TM trademarks © Service Management Group, LLC 2017. هەموو مافەکانی پارێزراون.